

# مرۆڤی ورد

**هەڵمەت عوسمان**
**(کۆیە)**

دەنگی پێی مێروولە دەبیسترا، ئاسمان سامالّ، ورنجە ورنجی ئەستێرە سەرنجی هەر کەسێکی ڕادەکێشا، مانگ؛ نازی بەسەر زەویدا دەکرد. لەسەر پشت ڕاکشاویت و هەردوو دەستت لەبن سەرت داناوە، چاوەکانت ئەستێرەیەکی تەنیایان خستووەتە ژێر چاوەدێری، بۆ ئەم ئەستێرەیە کە لە هاوچەشنەکانی دابڕاوە؟! سەیرە ئەمشەو زۆر لە شاعیرەکان دەچی! چۆنە ئاوا هەستت ناسک بووە! هەر زوو لەم خەیاڵانە (کە خۆت ناوت نابوو: گەمەی منداڵان)، خۆت بوارد و هاتیتە سەر تەنیشتی ڕاست و دەستت خستە بن ڕوومەتت و بە پەنجەکانی دەستەکەی دیکەت یاریت بە ڕیشوەی سەرینەکە دەکرد..

کەوتیتەوە ناو خەیاڵاتەکانت، ئەمشەو بووی بە پیاوێکی خەیاڵی! بە جۆرێ بۆت بوون بە کۆت و لێیان دەرناچی، قوڕێکی توندە و وابەستەی کردووی بەخۆتەوە، هەوڵیشت دا بخەویت، نەخەوتیت، ئەم ئاگرە چییە کەوتووەتە گیانت، هەر ئەم دیو و ئەو دیو دەکەی! (باشە؛ منی چیرۆکنووس پێشنیارێکت بۆ دەکەم، لە جێگاکەت وەرە دەرەوە، بڕۆ پەرداخێک ئاو بخۆرەوە و کەمێک پیاسە بکە و دووکەڵی جگەرەیەک بە با دە، قومێک بەس زیاتر نا، عارەق بخۆرەوە، هەر ئەوەندەی تۆزێ گەرووت بسووتێنێتەوە، چونکە دەترسم ئەم خەیاڵانە بتخنکێنن و دواتر من چیرۆکەکەم بێ شاکەس بمێنێتەوە، ئاااا یانی لەبەر خۆمە نەک تۆ، با لەگەڵت ڕاستگۆ بم)، بێ گوێدانە ئەو دەنگەی وەک گیزەی مێش بیستت، کە ئامۆژگاری چیرۆکنووس بوو، بەتانییە تەنکەکەت بەسەرخۆتدا دا، لەو دیوەوە شوێنەواری ڕووناکی مانگەکەت بینی، شەوی ئاوا هێندەی چەندان شەو بەسەریەکەوە درێژە، هەر چاوەڕێی تیشکی خۆر مژدەی بەیانی بدا و نایدا، ئەمشەو دۆزەخی تۆیە و هەریەک لەم ئەستێرانەی سەرنجیان ڕاکێشایت، لە پڕێکا وێنەی هەموو ئەوانەیان لەسەر دانرا، تۆ دەستت بە خوێنیان سوورە، ڕوخساری مانگ بووە یەک پارچە خوێنی مەییو، لەنێوان ئەستێرەکاندا چۆڕاوەی خوێن دەبینرێ، تا دێت زیاتر و زیاتر دەبێت، دەڵێی هەموو مرۆڤەکانت بەیەکجار زامدار کردووە و کوشتووە،

خوێن؛ ئاسمانی کردووە بە گۆماوێکی گەورە، ئەم هەموو لاشەیە لەناویا نوقم دەبن و سەردەکەون...هەستت بە تەڕی جێگاکەت کرد، دەستت لێدا و لە چاوت نزیکت کردەوە، ئەوە چییە؟! خوێن! چاوت هەڵبڕی بۆ ئاسمان، تاڤگەیەکی گەورە دێتە خوارەوە، پڕووشە خوێنی بچووک بەر ڕوخسارت دەکەوت، لە بەرزییەوە دەنگی هاوار و هەراوزەنایەک دێ، خەریکە کاس دەبی، بە هەردوو دەست گوێچکەکانت دەگری، ئەو دەنگە هێندە تیژ دێ، بێ گوێدانە لەمپەری دەستەکانت، کەللەسەرت دەهۆڵ ئاسا دەکوتن، مێشکت لەشێوەی شلەیەکی گەرم و لینج؛ لە کونە لووتت دێتە دەرەوە، خوێن وا خەریکە دەگاتە چۆکت، بۆ هەر کوێ ڕادەکەی؛ خوێن، بۆ هەر شوێنێ دەچی سوور هەڵگەڕاوە و خوێنی لێ دەچۆڕێ، ماوەی چەندان ڕۆژە خوێن نان و ئاوتە، بێ پسانەوە ڕادەکەی و ئەستێرەکان بەدواتەوەن، بەناو کونی مار و مێرووودا دەڕۆی، ئەو ئەستێرانە بە دواتدا دێن، نە یەک و نە دووان، ئەوەندە زۆرن ناژمێردرێن، لەوساوە سەدجار لە خوا پاڕاویتەوە گیانت بکێشێ و لەم ژمارە زۆرەی ئەستێرەکان و ئەم تاڤگەی خوێنە ڕزگارت بکات، نا خوا دەیەوێت جارێ ئاوا ڕایکێشیت و دەبێ لەناو خوێنەکە بخنکێیت، دەبێ تۆی عەشقی خوێن و کوشتن، هەر دەبێ لەناو بەرهەمی کاری خۆت گیانت دەربچێ! (ئەوە چ عەزابێکە؟!) هەزار جار ئەو پرسیارەت کردووە و بێ وەڵام ماوەتەوە.

سەیرەکەی تەنها تۆ وایت و ئەم خەڵکە پۆشاکێکی جوانیان لەبەرە و هەریەک خەریکی کاری ڕۆژانەی خۆیەتی، ئەوە تۆی سەراسیمە دەگەڕێیت و بەدوای خۆتا وێڵی، بەشە مرۆڤییەکەی خۆتت ون کردووە و لێی دەگەڕێیت، ئەندامەکانی لاشەت لێت جیابوونەتەوە و ئەوان لە دەست تۆ ڕادەکەن و تۆ ڕادەکەیت تا بیانگریتەوە، ئێسکەکان، دەمارەکان، ماسوولکەکان و کڕکڕاگەکان، هەریەک بە لایەکا دەڕۆن، نازانیت سەرەتا دەبێ کامیان بگریتەوە! ئەستێرەکان خوێنیان زیاتر و زیاتر لێ دێت، ئاسمان تادێت لە گۆمێکەوە دەبێتە زەریایەک و گەورەتر دەبێت، تۆش تا دێت وردتر و بچووکتر دەبیتەوە، لە بەرانبەر شەپۆلی خوێنی لاشەی ئەستێرەکان خۆت ناگریت و لەپەڕوو بەر زەوی دەکەویت و هەست بە خوێنی گەرمی لاشەی خۆت دەکەی! خوێنی خۆت؛ ڕەشێکی تێری بۆگەنە! هەر ئەو خوێنەبوو بۆ هەموو کەسێک دەبوو، لە جۆری (بەخشەری گشتی) بوو، ئێستا ناحەزترین ئاژەڵیش خوێنی تۆ قبووڵ ناکات بچێتە دەمارەکانییەوە! ئەوە چ بێزراوییەکە تووشی بوویت؟! بەجۆرێ ڕەتکراویتەتەوە، نە زەوی لەخۆیت دەگرێ و نە ئەندامەکانی لاشەت چیتر ڕازی نین بە مانەوەیان لەگەڵت، تەنانەت دۆزەخیش نایەوێت خۆی بە"تۆ" پیس بکات؟! ئاسمانیش نەک هەڵت ناکێشێ، بەڵکو وا بەرهەمی کاری خۆتت بەسەردا دەبارێنێ!

هاڵاوی دەمت بۆنی زێرابی لێ دێ، هەرچەندی دەتەوێ خۆتی لێ دەربازبکەیت، بەڵایەکە و لێت نابێتەوە، سەیری هەرلایەک دەکەیت تابلۆی خوێن هەڵواسراوە، هانا بۆ دۆست و دوژمن دەبەیت، کەس ئاوڕت لێ ناداتەوە، گشتیان بە یەک چاو سەیرت دەکەن، بە سیما دێوەزمەیەکی داماویت و لەبری ئەوەی جێگای ترس بیت، کەچی بوویتەتە جێگای گاڵتەوگەپی گەورە و بچووک و هەرچی جەوی خۆش نەبێ، بە تۆ خۆی دڵخۆش دەکات، لە نەبوونت باست دەکەن و بەزم و بەسەرهاتەکانت دەگێڕنەوە و بە ئامادەبوونت پەلارت تێدەگرن و وات لێ دەکەن بۆیان هەڵپەڕیت و گۆرانییان بۆ بڵێیت و لاسایی سەگ و پشیلە و کەریان بۆ بکەیتەوە، لەشت خوێنی لێ دەچۆڕێ و ناو لەپ و سەر چۆکەکانت شوێنەواری برینی قووڵی پێوە دیارە و ڕوخسارت وەک ئەوەی پشیلە چڕنووکی لێ دابێت، دەیان جێ نینۆک؛ نەخشیان لەسەرکردووە، قژێکی درێژی تێکئاڵۆزکاو و ڕدێنێکی درێژی بێ ڕەونەق، زیاتر لە مردوو دەچی وەک زیندوو، بیرت نایە لەکەیەوە ئاوت بەر نەکەوتووە و خۆت هەڵدەکرێنی، کۆڵێ چڵک لەسەر پێستت کەڵەکەبووە، بەهەر لایەکدا بڕۆی، بۆن دڕنی؛ خەڵکی ئەو ناوە بێزار دەکا و بە تێهەڵدان لە خۆیان دوورت دەخەنەوە، تینووتە و گەرووت وشک بووە، داوای ئاو لە دوکاندارێک دەکەیت و ئەویش ئەو سۆندەیەت بۆ هەڵدەدا کە ئاوی کولاوی سەربانی لێدێ، نایخۆیتەوە، داوای ئاوێکی تۆزێ ساردتر دەکەیت و مام حاجی دوکانداریش ئەو وێنانەی دێتەوە بەرچاو کە تۆ بەر لە شێت بوونت بەسەر خەڵکی ئەو شارەتدا هێناوە، چۆن مرۆڤ کوشتن و مشک تۆپاندنت لا وەک یەک بووە، لەداخانا دەڵێ: مەگەر میزی خۆمت بدەمێ! بە جۆرێ بچووک و کەم بەها بوویتەتەوە، لەم شارە خۆتت لێ بزربووە، سەیر دەکەی ئەوانەی تا دوێنێ پارێزگارییان لێ دەکردی، ئەمڕۆ خۆپارێزیت لێ دەکەن، ئەوانەی تا دوێنێ لەبەرت هەڵدەستان و دەستیان بە سینگەوە بۆ دەگرتیت،

ئەمڕۆ نووکە شەقت لە پاشەڵی دەدەن و پێت پێ دەکەنن، کاتێ بەهۆی شەقەکانەوە لە شوێنی خۆت هەڵدەبەزییەوە، هەر ئەوانەن بە کاک کاک بەدوات دەکەوتن، هەر ئەوانەشن ئێستا بە شێتە شێتە بەدوات کەوتوون، چەند سووکی! چەند سووک! بەجۆرێ پووشکەیەک و تەڵە قەسەڵێک کە دەکرێت بە (کا)و دەدرێتە ئاژەڵ، لەچاو تۆ سەد هێندە گران و سەنگینترە! تا لەشار دوورتر دەکەوییەوە، شەپۆلەکانی خوێن خێراتر بەدواتدا دێن و وەک ئەوەی تۆ ئازیزترین شت بیت بەلایانەوە و بیانەوێت لە ئامێزت بگرن؛ ئاوا شاڵاوت بۆ دێنن و دەیانەوێت لەناو خۆیاندا بتخنکێنن.

مەرگ چەند سیمایەکی دزێوی هەیە! تۆ ئێستا لە خولەکێک شەست جار مردن بەچاوی خۆت دەبینی، کەچی لە مردنی ڕاستەقینە دەترسیت و هەست دەکەیت بەم مردنە کۆتایی بە هەموو شتێک دێت، دەی جا خۆ یەک جاری بە ڕاستی و فیزیکییانە بمری باشترە لەو هەموو مردنەی هەرجار بە شێواز و تام و بۆنێکەوە، ئەو یەکجارە دەمریت و لاشەکەت لەلا کەندێک، یا بن دوو بست خۆڵ فڕێ دەدەن و دەبڕێتەوە، ڕەنگە کە بۆگەنت کرد، سەگەلی سەر گۆڕستانەکان لاشەکەت دەربهێنن و ونچڕونچڕت بکەن و هەر تیلمەت لەدەمی سەگێک بێت، ئەم جۆرە مردنە پارچە پارچە بوونە بێ ئازارە و هەست بە هیچ جێ کەڵبە و چڕنووکێک ناکەیت، بەڵام خۆ ئێستا لەیەک کاتدا هەزار پارچەیت و هەر پارچەیەکت لەناو دەمی سەگێکی دووپێدایە و لە هەمووشیان هەست بە ئازاری جێ ددان و توندگرتنی سەگە دووپێیەکان دەکەیت! سەگە چوارپێیەکان کە گەدەیان تێربوو، دەچن لەبن دارێک، یا لەتە شاخێک، یا بن دیوارێک وەردەکەون و سەرخەوێک دەشکێنن، ئیتر تا ماوەیەکی زۆر بەدوای لاشەی دیکەدا ناگەڕێن، بەڵام ئەو سەگە دووپێیانە نە گەدەیان پڕ دەبێ و نە چاویان تێر دەبێ و نە زاریان لە وەڕین دەکەوێ و نەچاویان دەچێتە خەو، هەمیشە بێدارن، ئەگەر هەندێکیشیان بخەون، هەندێکیان بە ئاگان و لە گەڕان بەدوای لاشەی کەسانی وەک تۆ ماندوو نابن! کەواتە ئێستا کام مەرگیان باشترە؟ خۆدانە بەر شەپۆلی ئەو خوێنەی بوویتە مووی لووت و لێت نابێتەوە؟! یا ئەوەی هەر چرکەیەک و بکەویە بەر شاڵاوی کەڵبەی ئەو سەگانەی تا دوێنێ دەتناسین و ئەمڕۆ دەیانەوێت دادڕدادڕت بکەن؟! کەس لێت تێناگا! حەز دەکەیت بمریت و ناشتەوێ بمری! حەز دەکەیت لەم خوێنە ڕزگارت بێ، کە بووەتە مۆتەکە و هەمیشە و لە هەموو شوێنێ بەدواتەوەیە، ئێ ڕزگاربوونت لەم خوێنە، ئەو مردنەیە کە بۆت باس کرا! کەواتە تازە ژیانی تۆ لەنێوان دوو بژاردەیە، یا مردنی ڕوحی ، یا خۆ گونجاندن لەگەڵ ڕەنگ و بۆن و تامی ئەو خوێنەی لە ئەستێرەکانەوە دادەبارێتە خوارێ و بەسەر مانگدا تاڤگەیەکیان بۆ سەر زەوی دروست کردووە، کوێی سەر زەویش؟ ڕێک سەربانی ماڵەکەی تۆ و ڕاستەوڕاست دەکەوێتە سەر جێگە خەوەکەت، کە ئێستا وەک بەلەمێک لە هاتوچوونە بەسەر شەپۆلانی ئەو دەریا خوێنەی دەوری تۆی داوە! بۆ کوێ ڕادەکەیت؟ ئەوە ئەمڕۆ شەپۆلەکانی ئەو خوێنە پێت نەگەیشتن! یا دامانننا حەفتەیەک لە ڕاکردن بەردەوام بووی؟ دواجار چی؟! ئەو لاشەیەی تۆ پێویستی بە پشوویەک نییە؟ ناتەوێ لای کەمی سەرخەوێک بشکێنی؟ نانێک ناخۆی، تا تۆزێ تینت بێتەوەبەر؟ دواتر ئەو شەپۆلانە لە خوێنی ئەو کەسانەوە هەڵدەقوڵێ کە خوێنت ڕشتوون، کەواتە سەرچاوەی تواناییەکەی تۆ؛ کەم و کاتییە و سەرچاوەی ئەو خوێنەش؛ وا زوو وشک ناکات، کە تۆ پێت وابێت ئەمڕۆ سبەی لە شەپۆلەکانی ڕزگارت دەبێ! بۆیە وا باشترە هەرچی زووە خۆت بەدەستەوە بدەیت و چاوەڕێی دەستکەوتی تاوانەکانی خۆت بی، پێدەچێ سەرشێتی بنوێنی و بتەوێت کە شەڕی ناو شارت پێ نەکرا، شەڕی ناو ئەو دۆڵ و سەرگرد و لاپاڵانە بکەیت، بێ ئاگا لەوەی ئەوەندە خوێنت لە دوایە هەرچی دۆڵ هەیە پڕیان بکات و هەرچی لووتکەی چیا هەیە دایان بپۆشێ، ئەوەندە خوێن کە ئەم سەر زەوییە و دۆڵ و چاڵی چەندان ئەستێرەی دیکەش پڕ دەکات، بەڵام تۆ بێ ئاگایت و عەقڵت هەر ئەوندە بڕ دەکا و چاوت تا بەرپێی خۆت دەبینێ.

تۆ هەر ڕاکە، منی گێڕەرەوە ئیشم چییە؟ وا بێکار دانیشتووم، هەندێ کات بەدیار گوێگرتن لە تیڤی، جارجار چەند دێڕێک لەڕاکردنی تۆ لەم خوێنە دەنووسمەوە و زۆربەی کاتەکانیش لە نیوەشەون، ئەو کاتەی خێزان و منداڵەکانم دەنوون، من دەست دەکەم بە کۆکردنەوەی پارچەکانی ڕوحی تۆ، کە لە کاتی ڕاکردن لێت دەکەون و ئاوڕیان لێ نادەیتەوە، وەک ئەوەی لێت زیادبن و ئیشت پێیان نەبێت، هەر بەڕاستیش وابوو، لێت زیادبوون و ئیشت پێیان نەبوو، ئەگەر خاوەنی ڕوح بوویتایە، ئەوە خاوەنی هەستیش دەبووی، بەڵام تۆ بێ هەستترین مرۆڤێک بووی کە دروستکرابووی، ئەوەی

جارێک تۆی دیبێ، گەواهی ئەوەی داوە، مرۆڤێکی خاڵی لە مرۆڤایەتی، بەڵام هەر چۆنێک بێت؛ خەمت نەبێ تۆ ڕاکە لە خوێن و منیش بەدوای هەردووکتانەوە دوور و نزیک دێم، تا بزانم لەم یاری ڕاکردن و بەدواکەوتنە، تا کەی بڕ دەکەن؟!

هەندێ جار بەزەییم پێتدا دێتەوە و پڕ بەدڵ حەزەکەم بە چاوپۆشین لە بینینی ئەنجامی کۆتایی، چیرۆکەکە کۆتایی پێ بهێنم، ئاخر ڕاستە تۆ مرۆڤێکی دەست سووربوویت، تەنانەت بە خوێنی ئەوانەی دەمناسین، بەڵام ڕوحم ئازارم دەدا، وەک لایەنە مرۆڤییەکە، ئاوا زەبوون و زەلیل و داماو و رووخاو دەتبینم و ناشتوانم هیچت بۆ بکەم، من لە دەرەوەی چیرۆکەکەم و نابێت دەستت بگرم و لە چیرۆکەکە دەرتبێنم و لێبگەڕێم خوێنەکە ئیتر بۆ خۆی کێوە دەچێ با بچێ، نا ئەوە لە دەسەڵاتی مندا نییە، تەنها ئەوە نەبێت چیرۆکەکە بە نیوەناچڵ تەواوبکەم و ئەوسا خوێنەرەکانم دەڵێن: تۆش بوویت بە کاسەلێس و دەرباری کابرا، ئاخر ئەها چۆن دڵت بۆی ژان دەکا، سەرباری بێباکی لە ڕشتنی خوێنی ئەم هەموو مرۆڤە! ئێستا من دارێکم بەدەستەوەیە، سەرێکی بە خوێنە و سەرەکەی دیکەشی بەدگومانی خوێنەرەکانم، چی لەوە ناخۆشترە، گێرەرەوە بکەوێتە هەڵوێستێک لەنێوان دووان یەکیان هەڵبژێرێ، لەم بارەدا باشترین بڕیارێک بدرێ ئەوەیە، لێبگەڕێن ڕووداوەکان ڕێکاری خۆیان وەربگرن و چیرۆکەکە بۆ خۆی بگاتە کۆتایی، نەک ئێمە دەستمان لە پشتییەوەی بێت. بەردەوامی لە ڕاکردن، چەندان دۆڵت بڕیوە و تەواو شەکەتیت پێوە دیارە، عارەقە تەوێڵتی خوساندووە، جلوبەرگە شڕ و چڵکن و دڕاوەکانت تەڕبوونە و پێڵاوەکانت بنیان تەنک بووە، لە هەندێ بەستێن خێرا ڕادەکەیت و لە هەندێ لاپاڵ تا خوارەوە گلۆردەبییەوە، لەکاتی هەڵگەڕان بەقەد چیاکاندا، هێندە ماندوو بوویت دەستت لەسەر چۆکەکانت دادەنێیت و زمانت تەواوێک دەرهێناوە و تەڕایی لەزارتدا نەماوە، بە ئومێدی گەیشتن بە بەرزترین لووتکەی چیاکە، دەست بەو لقەدارانەوە دەگریت و خۆت سەردەخەی، لە بن شاخێک و نزیک یەک دوو دار، کانیاوێکی سازگار دەبینی، هەر لە خۆتەوە دەڵێیت: مردن هێشتا لێم دوورە! هەرچی دەکەیت و دەکۆشی هەنگاوت لەدوات نایە و بەدەست و لەسەر سک خۆت دەخشێنی تا دەگەیت بە کانییەکە، ئەوە بە خەلاتێکی خوایی دادەنێیت و وادەزانی هێشتا خوا سۆزی بۆت ماوە و ئاگای لێتە و نایەوێت بکەوێتە دەم شەپۆلی خوێن، چاوت دەنوقێنی و بینی پێوە دەنێیت و تا ئارامی گیانت بۆ دەگەڕێتەوە، بەڵام هەر دوای یەک دوو قوم، لەناو زارت هەست بە تاماوێکی سەیر دەکەیت، کە چاو دەکەیتەوە، کانیاوی چی، ئەوەی تۆ واتبینی کانیاوە و ئاوێکی سازگارە، خوێنە و هەڵدەقوڵێ! وای وای لەم بەدبەختییە، چی دەکەیت ئێستا ئەو قومەی لەناو زارتە لەنییەتی ئاو دەیخۆیتەوە؟! یا فڕێی دەدەیتەوە؟! فڕێی دەدەیتەوە و ئەوەی بەسەر زارت دادێ دەیلێیت، هەر لە جوێن و نەفرەت و سەدان کوفری گەورە گەورە، ئەو شەپۆلەی بەدواتەوەیە و لێی ڕادەکەیت، وا لێرە لەبەردەمت وەک دومەڵ هەڵتۆقیوە! مووی لەشت وەک نەشتەر ڕاوەستاوە، بۆ خۆ خالیکردنەوە لەوەی لەناختدایە، تا توانایت هەیە و هێز لە گەرووتدایە، هاواردەکەیت، بەڵام کێ دەیبیستێ؟! گوێی عالەم لە ئاستت کەڕە، ئەم هاوارەی تۆ؛ بۆ بە ئاگاهێنانەوەی خەڵکییە لەو خەوەی لە ئاستتدا تێی کەوتوون، بەڵام جگە لە قومقومۆک و شەوگەرد و مار و مێروو، گوێدارێکی دی نایبیستێ، دار و بەرد و لووتکەی چیا و تەپۆلکەکانیش تەنها شەپۆلی دەنگەکەی تۆ دووبارە دەکەنەوە، هیچ کات وەک ئێستا هەستت بە بێکەسی نەکردووە! دەستەکانت بە خۆتدا شۆڕدەبنەوە، چاوەکانت ڕەشکەوپێشکە دەکەن و لوولاقەکانت تێکەڵبوونە، برستت لێ براوە و هێندە برسی، گەدەت خۆی دەخواتەوە، قۆڕەی سکت گوێچکەت دەیبیستێ، تەواو ئێرە کۆتایی ڕێگاکەیە؟! سەیرێکم دەکەیت و بەنیگای چاو پێم دەڵێی: بەڵێ تەواو! هیچ لەوە ناخۆشتر نییە زمانت گۆی پێ نەکرێ و بە چاو قسە بکەیت، ڕاستە چاو قسەی زیاتری پێیە و زیاتری لە خۆیدا هەڵگرتووە، ئەوکاتەی بە چاو سەیری کەسێک دەکەیت، کە ڕێی قسەکردنت لەگەڵی لێ گیراوە، زیاتر لەوەی پێی دەڵێیت کە زمان توانایی وتنی هەیە، بەڵام کارەسات لەوەدایە ئەو لە زمانی چاو تێ نەگات! داماوانە سەیرم دەکەیت و لێم دەپاڕێیتەوە، خۆڵی بن پێیەکانم ماچ دەکەیت، کەسێکی دی بۆ ئەو کارە هەڵبژێرم، دەکەوێتە سەر زەوییەکە و لە تاو ئازاری جەستە و برسییەتی گینگڵ دەدەیت، پێڵاوەکانت دادەکەنیت، بن پێ و کەلێنی پەنجەکانت کەرت کەرت بوویێ و ناو لەپی دەستەکانتم نیشان دەدەیت، هێندە قەڵبە دار و تیغە بەردی پێداچووە، توانایی جووڵاندنی پەنجەکانت نییە! سەری پەنجەکانت

وەک دە جۆگەلە خوێنیان لێ دەچۆڕێ! تەنها چەرم و ئێسک بە لەشتەوە ماوەتەوە، پەراسووەکانت یەک یەک دەژمێردرێن، ئێسکی کولمەکانت دەرپەڕیون و چاوە پڕ ڕاز و تکاکانت بە قوولا چوون و برۆکانت وەک شێوە چەترێک شۆڕبوونەتەوە سەرچاوەکانت، مێش و مەگەزی ئەو ناوە لێت ئالاوە، گیزەگیزیان مرۆڤ وەڕس دەکات، هەزاران مێش شالاویان بۆ هێناوی و تۆش توانایی پاسکردنی ئەوانت نییە، دەچنە ناو کونە لووت و گوێچکەکانت و چاوەکانت یەک پارچە گوومێشە، سەدان مێش دەچنە ناو دەمت و دێنەوە دەرێ، بە نیگای چاو پێم دەڵێیت: بمبینە چەند زەبوونم! چەند بێ دەسەڵات! ئەها چەند هیلاکم؟! بەسە توبی خواکەت بەسە! کێشەکە ئەوەیە تۆ وادەزانی ئەوە منی گێڕەرەوەم تۆم خستبێتە وەها گێژاوێکەوە کە لێی دەرنەچی! تۆ نازانی ئەوە خەونێکە و خۆت خەریکە وا دەیبینی! من لەم نێوەندەدا هیچ کارەم، تەنها ئەوەندەم لەسەرە ئەو ڕووداوانە تۆمار بکەم کە بەسەرت دێن، منیش وەک تۆ چاوەڕێی کۆتایی یارییەکەم، ئەها تۆش نازانی کۆتاییەکەی چییە و چۆنە! دەی منیش نازانم ئەم پەتی خەوە تا کوێ لە دووت دێت، ئایە وا زوو دەپچڕێ و تۆش لەو خەونە ڕزگارت دەبێ؟! یا بەردەوامی هەیە و دەبێ جارێ ڕایکێشی؟! دەستەکانت لە زەوی گیردەکەیت، تەنی جەستەتی پێ بەرزدەکەیتەوە، خۆراکێکی باشی ئەو هەزاران مێشەیت و نایانەوێت بڕۆیت، تۆ خوێناوت پێوەیە و ئەوانیش ئەوەیان دەوێ! لەناکاو (وااای)یەک لەزارت دەترازێ و بەردەبیتەوە، بەربوونەوە و گلۆربوونەوەت یەکە، لە چەند مەترێکی خوارەوەی چیاکە خۆت دەبینییەوە، سەر هەڵدەبڕیت و سەیری دۆڵەکەی خوارەوە دەکەیت، دەریایەک خوێنە و هەروا زیاتر و زیاتر دەبێت، نیازی گەڕانەوەت هەڵبزڕکا! تەنها ڕێگای تۆ هەڵکشانە بەرەو لووتکەی چیاکە، ئەویش هێندەی خۆ دانە بەر شەپۆلی خوێنەکە سەخت و ناخۆشە، ئەو خوێنەی هێندەی نەماوە بتگاتێ و لەخۆیدا لوولت بدا! هانا بۆ خوا دەبەیت و دەتەوێت کارێکت بۆ بکات، بەڵام گەمژانە لە داواکەت ڕادەمینێیت! تۆ هانا بۆ کێ دەبەیت؟ بۆ خوا؟ ئەی ئەوە نییە هەر ئەوە ڕقی ئەستووری خۆیت بەسەردا دەڕێژێ؟ نابینیت چۆن لە زاری ئەم هەزاران برینە خوێن دەچۆڕێتە سەرت و زەوی لەبەر پێت هێندەی هێلکە کۆترێک لێ کردووە! ئەوە پەیامێکی ئاسمانییە و دەیەوێت پێت بڵێت: لێرە بە دواوە ئەوە ژیانی تۆیە، یا مردن و دۆزەخ؟ یا ژیان و خوێن؟ ڕێگای سێیەم نییە!

لووتکەی چیاکەت لێ دەبێتە کێوی قاف و هەر ئەوەندەت پێ دەکرێ لە خوارەوە لێی بڕوانی و جارجار ئاخێکی بۆ هەڵکێشی! ژیانی تۆ ئیتر لە نێوان خەون و بێداریدایە، خەونێک تا بینەقاقات خوێنە و بێداریت؛ مرۆڤێکی ورد؛ لەچاوی ئەوانی دیکە. دوا بڕیاریش لای خۆتە، لەناو ئەو خوێناوە باقی ژیانت دەگوزەرێنی، با لەم خەونە ڕزگارت بکەم و بەئاگات بهێنمەوە تا سەیری خۆت بکەیت چەند هیچ و وردی و سەنگی خۆت بزانی چەندە؟ ئازادت بکەم و بچیتە بەردەرگای هەموو ئەو ماڵانەی خوێنی کەسێکت لێ ڕشتوون، وەک سەگ و پشیلە بنووزێیتەوە و داوای لێ خۆشبوونی خوێنی نەوەکانیان دەکەیت، وێنەی ڕوخسار و جلوبەرگی بە خوێناوی خۆتیان نیشان دەدەیت و بە زمانی حاڵ دەڵێیت: ئەوە ژیانی منە، تکایە لەو زەلکاوی خوێنە ڕزگارم بکەن. زمان بە دیوار و دەرگایاندا دەهێنیت و خۆت لە قاچ و قولی دایک و باوکی هەموویان هەڵدەسووی، بەڵام لە چاویان ئاگری ڕق و تووڕەیی دەبینیت و هەوڵ دەدەی ئەو ئاگرە دامرکێنیتەوە، کەچی سات دوای سات ئەو وڕیییە لە ڕوخساریان زیاتر و زیاتر دەبێت و بە بەرد و دار بەدوات دەکەون و سەدان کۆڵانی شارت پێ دەکەن، ئەندامەکانی جەستەت لە دەیان شوێنەوە خوێنیان لێ دەچۆڕێ و ئەوان هێشتا باکیان نییە بەم حاڵەی تێی کەوتوویت و ئەگەر بەردەستیان بکەویت، تیکەتیکەت دەکەن و هەر پارچەیەکت هەڵدەدەنە سەر زبڵدانێک، لەترسی منداڵە وردکە خۆت دەکەیتە کونە زێرابێکەوە، بەڵام ئازاری بەرد و دارت بەلاوە خۆشترە لەو هالاوی بۆن زێرابە، دێیتە دەرەوە و دەبینیت هەزار زیلەی خەڵکە و ڕێچکەیان بەستووە و هەریەکە ئامێرێکی سزای بەدەستەوەیە و بەرەو لات دێن و لە دوورەوە جوێن و نەعلەتەکانیان دەبیستیت! تۆی ڕاکردووی دەست شەپۆلەکانی خوێن، ئێستا نا ئێستا دەکەویتە ژێر پێی ئەو هەزاران کەسەی بەدوات کەوتوون، سەد خۆزگە بە بەردێکی بێ گیان دەخوازی، یا ئاژەڵێکی تۆپیوی سەرجادەکانی دەرەوەی شار، ئەمشەو شەوێکی چەند دوورودرێژە بۆ ئەو خەونەی تۆ، نە دەبڕێتەوە و نە گومان هەیە جارێکی دی خۆر هەڵبێت و سەرەتای ڕۆژێکی نوێ دەست پێ بکات، ئەمە شەوی سزادانی تۆیە و ڕزگاربوونت ئاسان نابێت، ئێستا چی دەکەیت، خنکان لەناو خوێن؟ یا مردن لەژێر پێ و دەروبەردی ئەو خەڵکەی دوات کەوتوون؟ ئێستا لە خەونێکدا خوا و خەڵک و خوێن بەدوای خۆتەوە دەبینیت.